لیوا ڕەسوول هاتنی هێزی بیانی زیاتر بۆ عێراق ڕەتدەکاتەوە

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لیوا یەحیا ڕەسوول ئەمە شەممە ڕەتیکردەوە کە هێزی بیانی زیاتر ڕەوانەی عێراق بکرێت.

ڕەسوول لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئێوە ئاپۆرتانەی باسیان لە هاتنە ناوەوەی هێزی بیانی زیادە بۆ عێراق کردووە ڕاست نین، ئەمەش ئاماژەیە بۆ چالاککردنی نزیکەی کارەکانی لیژنەی هاوبەشی نێوان عێراق و نێودەوڵەتی هاوپەیمانی بۆ دانانی خشتەی کشانەوەی هاوپەیمانی لە عێراق و سەرلەنوێ سەیرکردنەوەی سروشتی پەیوەندییەکە بە گشتی.

ئاماژەی بەوەشکرد : حکومەتی عێراق بڕەو کەتایی هێنان بە بوونی دەرکی لە عێراق هێنگاو دەنێت و لە قۆناغی داهاتووشدا دیدگایەکی هەیە کە بریتییە لە کاری تەکنیکی هاوبەش بە کەتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هێنگاونان بە ئاستەکانی هاوکاری ئەمنی و سەربازی دوولایەنە لە بواری چەکسازیدا و ئامۆژگاری.

ئاماژەی بەوەشدا کە بەرژەوەندییەکی گەورەی حکومەت لە مەسەلەی پەچەککردن وچەکدارکردنی سوپا وهێزە ئەمنییەکانی دیکە هەیە.